فەرهاد پیربال: تورکمان بە کوردە گوندییانەیان دەگەت کرمانج کوردیش بە تورکمانیان دەگەت هەولێری

کاندیدی پەرلەمانی کوردستان فەرهاد پیربال لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نوسیویەتی، بازرگانی و موڵکداریی ناو قەڵات و بزنسی ناو قەیسەری و پیشکان، هەمووی بەدەست تورکمانەوە بوون، چونکە کورد لە گوندەوە بەرهەمە گوندییەکانی خۆی دەهێنا یان دوکاندارە تورکمانەکان دەچوون بەرهەمە گوندییەکانی کوردیان دەکڕی، تورکمان بەو کوردە گوندییانەیان دەگەت کرمانج، کوردیش بە تورکمانیان دەگەت هەولێری، یان شارستان. ئەم پەیوەندییە بازرگانیە ببووە هۆی تەکڵاوییەکی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی زۆر باش بەرەو پەکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئەم دوو قەومە.